Dr.Saleh Ebrahimi

۱۲ - شه‌پۆل

| | |
|---|---|
| تاقم | ده‌سته - پۆل - کۆڕ |
| تاراندن | راوانان - دور خستنه‌وه |
| ته‌زو | مچورک، سوزه‌ی سه‌رماو بای سارد، سڕبون |
| تلۆز | تۆیژ، شه‌قار، هه‌ڵدانی پێست، پوڵه که هه‌ڵدان، له‌ته‌داری تلۆزه‌دار |
| تلپه | تلته، نیشتو، پاڵێوراو، ده‌نگی که‌وتنی زل و نه‌رم |
| تلته | تلپه، خلته‌ی چایی |
| ته‌مه‌ڵ | ته‌وه‌زه‌ل، بێکاره |
| ته‌ماڵ | دوزینه‌وه‌ی که‌روێشک له‌لاندا، خۆ له‌ته‌ماڵ دان بۆ په‌یدا کردن |
| تالاو | زۆنگ، ده‌ردوخه‌می زۆر |
| توودایه | شیعری پێ هه‌لاگوتن و لاواندانه‌وه،کابانی شیردۆش |
| تافگه | قه‌ڵپه‌زه، هه‌ڵدێر، ئابشار، ئاوی به خوڕ، خوڕێن |

## جیم:

| | |
|---|---|
| جیره | به شه نان و بژیو، موچه و به‌رات |
| جاڕ | جێگه گه‌نمی دوراوه، جاڕه‌بی، جاره‌جۆ |
| جۆ | ده‌غلی هه‌واڵی گه‌نم، جۆگه، جوبار، شوێنی ئاوپێدا روێشتن |
| جو | موسایی، جوله‌که |
| جام | کاسه، قاپ، ده‌فری قووڵی چکوڵه، شوشه،ئاوێنه،جێگای من، شوینی من، تاس. |
| جزیه | گزیه، سه‌رانه |
| جه‌واڵ | جێگای گه‌نم و جۆ، شتێکه ده گرد له موی بزن ئه‌ی چنن |
| جل | به‌رگ، جلی و شتر و که‌ر و هێستر |
| جه‌غر | خه‌تی به‌ده‌وره، دایره |
| جه‌غه‌تو | ناوی چه‌مێکه لای بۆکان و سه‌قزو سایه‌ن قه‌لاَ: (ئه‌وکانی به‌رو) |
| جگ | ئێسکه جگه، ئێسکێله له‌ره فیسکه‌ی مه‌رو مالاَت دایه. |

۱۳ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| جوت | دو، لف |
| جار | چەل |
| جیکەنە | دەزگایە کە پەمۆی پێ چادە کەن، دانە ـ ی پەموێ پێ ئەگرن |
| جەم | کۆ |
| جوتیار | خاوەنی جوت، کەدیوەر، جوتکار، کەسێ کە خەریکی کێلاٙنی زەوی یە |
| جاڕز | وەرەز، وەرس، بێواز |
| جۆلاٙتەنە | داوی جالٙ جالٙۆکە، تالٙی کاکلە مێشان، داپیرۆشک، بروانە باوی کۆمەلایەتی باسی شەویارو شەوبۆ نوسراوی (شەپۆل). |
| جەفەنگ | گەپ، حەناک، گالٙتە |
| جی‌نشێن | خەلیفە، ولیعەهد |
| جیرە | مەعاش، جیرەنام، بەشانە |
| جوانو | جانی، جوانو ئەسب، یا جوانو ماین |
| جوامێر | جامێر، پیاوچاک، ئازاودلێر، دلاٙوا |
| جوانەگا | گۆیرەکەی نێر، بەرگەلی نێر |
| جومنیت | ئەجولێنێ |
| جاڕدان | راگەیاندن بە دەنگی بەرز، کۆکردنەوەی خەلٙک بۆکار |
| جنگلٙ | گێنکلٙ، خۆبزاوتن، جوولاٙنەوە |
| جار بە جار | کات لە دوای کات |
| جانەوەر | بونەوەر، خاوەن گیان |
| جەوالٙ | تێڕی یەک لایی |
| جاجم | مەوج، تەنراوێکە لە خوری، نۆینی تێوە دەپێچن |
| جەماد | بی گیان |
| جیکە | جیوجیو، زریوە زریو، دەنگی تێکلاٙوی مەلانی بچوک |
| جەرباندن | ئەزمون، تاقی کردنەوە |

| | |
|---|---|
| جیاتی | باتی، له جیاتی له‌باتی باتی، له جیاتی له‌باتی |

**چ:**

| | |
|---|---|
| چه‌ل | جار، که‌ره ت، هه‌ل، نۆبه، نۆبه له قوماروگاڵته، کیس، بەلآی سه‌رشان: (چه‌ل و مله و ده‌س هه‌ڵنا گرێ) |
| چێ | کارامه، باش، به کار |
| چه‌تون | گران، دژوار |
| چه‌ت | کای بانه‌برده، قه‌ڵچغ |
| چه‌ڕژین | شه‌مزاو، درزبراو |
| چه ک | دار ده‌ستی زۆر درێژ، داره خێوه‌ت، چه‌ڵه ک، چالآک |
| چه‌ق | نه‌هات، هاتنی جگ به باری چه‌پا |
| چه‌په ک | ناپاک،گوندو خانوی دور له ڕێبازی گشتی |
| چاپ | نوسینه‌وه‌ی کتێب به ماشین، درۆ |
| چاوڕا | شات و شوت، درۆهه ڵبه‌سته، بافیش، خۆ هه‌ڵکیشان، لاف لێدان |
| چه‌ڵته‌چه‌ڵت | چه‌قه چه‌ق، قسه‌ی بێ‌تام |
| چه‌خاندن | سوڕاندن، له‌قاندن |
| چۆمه‌ڵ | ئاوی به‌خور، نیوه چه‌م، شیوه‌ڵ، شیوه‌ڵه ئاو |
| چارداخ | که‌پر، که‌پری به شول و قامیش، که‌پری به قوڕ |
| چڕنوک | نینۆک، ناخون، نینۆخ |
| چڕ | قاقر، بێ‌گیا و له‌وه‌ڕ، به‌رده‌لآن |
| چیره | تونده، که‌شی دێ توند. |
| چاڵوک | دار چاڵوک، جۆره دارێکه، دڕودار |
| چێل | چیله ک، مانگا |

## ۱۵ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| چاو بەڵک | چاوجوان، ڕەش و سپی، سەیران بە هەشتیش دوچاوی بەڵەکە |
| چاوقوڵکە | تاعون |
| چپە | سرتە، سرکە |
| چتو؟ | چون، چاڤا؟ |
| چڕژاو | درزبردو |
| چکە چکە | کەم کەمە |
| چنجروک | چنگاڵ، چنگورک |
| چوختی | چەقاوەسو، روهەڵمالاو |
| چوارمێردەکی | چوار مەشقی، چوار زانو، چوار مەشقانە |
| چەتون | دژوار، گران |
| چەوروشیرن | جۆرە مورو یەکی بەڵەکە، دەڵێن: بۆ خۆشە ویستی بەکارە،جۆرێ مـوروی گەردن بەند |
| چێشتە | نەچیری چەشە خواردگ، چەشە بۆ نەچیر، چەشتە خوار |
| چارەوێ | ئەسب و ماین |
| چەپەر | درگایەکە لە شوڵک و وردە شوڵ دروست ئەکرێ |
| چز | دوایی، کلکە، چزوی دوپشکوزەرگەتە،یاچزی هەنگ، پیوەنوسانی گەرم و داغی سوتێنەر، بەپێستەوە، دەنگی رۆنی داغ لە هەڵقرچاندا، دەنگی برژانـی گۆشت، پێوەدان |
| چزە | دەنگی هە چۆقانی رۆن،گۆشتی برژاو لە زمانی منداڵدا،بەیت و باو، داستان: |
| چریکە | حەماسی، غەنایی، جەنگی وەک مەم وزین،بەیتی ئاورە حمانپاشا بابان،سوارۆ شەم و شەمزین و ... |
| چیرۆک | ئەفسانە، داستان |
| چنگاڵ | پەنجەی شێر و پڵینگ، چنگ، قولاپی لە ئاسن، هەواڵی کەوچک، پـەنجەی درندە |

Dr.Saleh Ebrahimi



چاخ	کاو، دەم، کات، زەمان

## ح:

حەو جۆش	لولینەی مەفرەق، حەوتجۆش، ئافتاوە، مەسینە

حەیران	ئەویندار، بەندەوار، عاشق، سەرلێ شیواو، هەوای گورانیەکی لە میژینەیە، کە زۆر بە ناو بانگە،وەك حەیرانی مەلاکەریم.

حەشیمەت	ئاپۆرە، کۆمەڵ، خەڵکێکی زۆر.

حەسەن کیف	ناوە بۆمەلبەندێ لەکوردستانی تورکییەکە زانای مەزن مەلا ئەحمەدی جزیری (بۆتانی) کە لەگوندی سەربای نێزیکی دیار بەکر باری کردوەتە ئەوێ. مەلا جزیری لە ١٤٠٧ ز-لە دایک بوە و لە ١٤٨١ زاینی لە تەمەنی ٧٤ساڵی‌دا بار ئەکاو ئەمرێ و لە ژێرزەوینی مزگەوتێکدا نیژراوە کە خان شەرە فخانی جزیری دوای هەزارە می‌باری سازی کردوە. وەهەر وەها حەسەن کێف ناوە بۆ بەخشێ لە بەخشەکانی کەلاردەشتی لای نەو شاری (مازندران)

حەشاردان	شاردنەوە، وەشارتن

حاند	بەرانبەر، ئاست

حەجمین	ئارام گرتن، داسەکنین

حەشامات	خەڵکی زۆر، ئاپۆرە

حەو جۆش	مەسینی مەفرەق کە چایی تیا ساز ئەکرێ.

حاجی خەلیفە بها؛ زاناو هوزانێکی دینی و مێژو، زانێکی بیر تیژ و کوردی نوسێکی خودان وزە بووە.

حاجەت	ئەسپابی ماڵ، ئامرازی کار

حاستەم	لە سەر خۆ، سەبرۆکە، هەڵەت و زەردوبەرد، سەخت و دژوار.

Dr.Saleh Ebrahimi

۱۷ - باوی کوردەواری

حەمزەریش سور: حەمزەریش سور با پیرەی پیرە مێردە ویەکێ لە دوانزە سوارەی مەریوانە و بویێ دەڵێن؛هەرریش سورێ هەمزاغا نییە. یەکێ تر لە و ۱۲ سوارە (رەحمان رەنگینە) و (مامەیارە) یە‌،کە لەکاتی خوێدا بۆ ترساندنی هێزی قەجەر لە سەر شاخەکانی قەلاّی مەریوان کە بە دەس قاجارەوە بوە ئاگریان بەشەو لە سەر ۱۲ کێو هەڵکردوەو لە شکری قاجار لە ترسان رایان کردوە، تاسپای پاشای بابان هاتووە، دوژمن ئەویێ چۆڵ کردوە (شەپۆل).

حەسار — حەوش، گۆرایی ناو چوار دیواری ماڵ

حادیس — تازە تازە بە دیهاتو گۆنگەڵ،روداو

حصولی — کەسبی، زانینێکە کە بە خوێندن بەدەس بێ و حاسڵ بێ لە راست زانستی زەروریدایە،کە عیلمی موجەرەداتە بەزاتی خۆی

صورتی زیهنی — صورەتی ئەشیاکە لە زیهندا حاسڵ دەبێ و وجودی زیهنی بە خۆدە گرن، کە صووەری عیلمی و ئەقلّیشیان پێ دەوترێ لە راست صورەتی حیسداکە شکڵ و رەنگی ئەشیای خاریجن کە بەحەواس دەبیندرێن

## خێ:

خپ — بی هەست و خوست

خرینگە — خشلێکی ژنانە، دەنگدانەوەی خشڵ، خرینگە خرینگ: دەنگدانە وەی زۆر

خۆرانان — خۆپیشان‌دان

خو — خدە، عادەت

خورت — بەهێز، خێوی زۆر

خویا — ئاشکرا، دیار، بەرچاو

خودی خۆی — هەربۆ خۆی، شخصیا

خەلەستن — رزگاربون

خیزۆک — دەغلی ساڵی ترکە هەڵداتەوە .

Dr.Saleh Ebrahimi

۱۸ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| خۆیان | کاودانی تێکەڵ لە سەر جۆخین، کلۆشیی گێرە نە کراو، خرەوەبوی شەن نە کراو |
| | خۆیان: تایبەتی خۆیان |
| خوڕە | تەوژمی باران، بارانی بەخوڕ |
| خوست | هەست |
| خەرگین | قوڕێن |
| خەرتەل | داڵ، دالاش |
| خەلات | کفن، بەخشش |
| خەو | خەوتن |
| خەون | خەودیتن |
| خەوار | پڕخەو، کەسێ کە زۆر دەخەوێ، تەمەڵ، خەواڵو |
| خۆر | تاو، رۆژ، نوری رۆژ، تیشک، هەتاو |
| خوڕ | توند، ئاوی خوڕێن، خوڕە: دەنگی کەوان: (کەو) کە بەرانبەر بەیەک دەبن |
| خوڕێن | خوڕ، نێرینەی چەم، کە بەتوندی دێ |
| جفۆک | خزۆک، جوڵەندە |
| خۆڵە مێش | خۆڵە مرە، بول |
| خراپ | بەدفەڕ، بێفەر، ناچاک |
| خێم | بناغە، هێم |
| خەبات | تێکۆشان - بێپشو کار کردن |
| خەسار | زایە، خەساربوە، زایەبوە، داری ژێر کاریتە، بۆ دیوار لە قورسایی کاریتە پاراستن |
| خەرەفاو | هۆش نەماو، لە بەر پیری خەرە فیاگ |
| خۆیری | کەم هێزو بێ دەسەلات، پەست |
| خۆدار | خۆراگر |
| خودار | نەخۆش، کەسێک کە خوی لە گەڵ بێ |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| خۆیهەڵداشت | خۆی فڕیّدا، خۆ تۆڕ هەڵدان، خۆ خستنە خواریّ |
| خورا | زۆر خۆر |
| خوڕە | دەنگی خوڕەی ئاو |
| خرتە | خرتە خرتی مشك، دەنگی بزوتنەی گیاندار لە نێو کوندا، خزتەخرت کردن |
| خاوەن | خودان - خێو |
| خەنیم | دژ، مێمڵ |
| خرە | دەنگی وێك کەوتنی شتی خرلە باردا، خرەی گوێزدیّ |
| خرخرە | گەرو، هەو، قامیشەی گەرو، قامیشەی بین یا کڕکرە، بەرچیلە، بەرخە بەبە |
| خایاندن | دەوام کردن، خایەندن: پێچونی وەخت - ئەم کارە دو رۆژی خایاند |
| خەوش | ناتەواوی، عەیب |
| خوار | کەچ، خێچ، لار، لارووێر |
| خورپە | تەپەتەپ، راتڵەکانی دڵ، خورپە لە دڵمە وەهات |
| خڕ | کۆ، کۆم، هەمو، گش، ئاو دڕجیّلافاو، شیوەڵە، ماڵمان لەسەر خڕیّ یە لە مەهاباد: گەرەکی خڕیّ |
| خێو | خاوەن، خێوی کانی، خودا |
| خودان | خێو،ساحێو، خاوەن، مالیك |
| خۆرسك | خۆکرد، سروشت، فیتری، تەبیعی |
| خارا | لەکڵ دەرهاتو، زیرەك، تەقوو جەفدیو |
| خزۆك | جوڵەندە، جانەوەریّ، کەبخزیّ |
| خاتر | لەبەر، خاتر جەم، بۆرێز لە تۆ، لەبەردڵی تۆ خاتری تۆ، |

## دال:

| | |
|---|---|
| د | لە پێش واژەوەدیّ بە واتای: ئە - دە، نیشانەی کردەی ئێستە و ئایەندە، (دەچم، دێیم) |

Dr.Saleh Ebrahimi

٢٠ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| دروشم | نیشانە، نیشانەی پەرچەم، شیعار |
| درگا | دەروازە، درگانەی ماڵ |
| دەرەتان | رێگای دەرباز بون، فرست، مەجال |
| داله رۆچکە | خۆ پێوە هەڵاواسین |
| دێژە | ئاین، مەزەب، رچە |
| دەوەشێتەوە | شیاوە، دەکاڵێتە، لیێدێ |
| دەم | زار |
| داسەپاندن | داسەلماندن، بە خورتی تەحمیل کردن |
| دربیجە | دەلاقە، پەنجەرەی بچکۆڵە |
| دەنگێوێ | لیێئەدا، ئەنگیوەیە، راست لێئەدا، دەس راستە |
| دەرەکی | دەرەوەیی، لاوەکی، خاریجی |
| درەوشین | شەبەق دان، تیرێژدانەوە، روناکی دەر |
| دەپرینگێتەوە | ئەگەرێتەوە، سڵ ئەکات بۆدواوە |
| دۆخ | تیرۆکەی خەرەک، تیرەی دوژی تیخ |
| دەم | گاو، قاس، لەحزە |
| داناو | داناڤ، یەکەم ئاوی مەشکە، یاگەنم و جۆ |
| دان | دانە، کاو، وەجۆ بەخشین،وەرز، بەشێ لە رۆژ یا ساڵ، دانی نیوەڕو، خوراکی باڵندەی ماڵی وەک مریشک، جێگە،وەک قەلاغدان، تۆم، دیان |
| دابێژتن | دابێتن، هێڵەک، یا شێلگیر، یا بێژینگ کردن |
| دزێو | رەش، ناحەز، ناشیرن، ناجوان |
| دەپەسێورێت | ئەنیشیتە سەر یەک،کەمرەئەکات |
| دیل | کوێلە، ئەسیر، بەندی، یەخسیر |
| داهێلان | رۆهێشن |

Dr.Saleh Ebrahimi

۲۱ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| دارە مرواری | ناوی ژنە ناودارێکی کوردە (شجرةالدّر: ملکةالمسلین) کە لە ٦٤٨ کۆچی حوکماتی میسرو ولأتە موسلمان نیشینەکانی بەدەسوە گرتووە،بڕوانە گرشەی کوردستان ژمارەی ٥ چاپی ١٩٨١ و ١٣٦٠ بەقەڵەمی (شەپۆل) |
| دادۆش | ماڵ بەفێڵ سێن |
| دارهەنە | چوار چێوەی تەون |
| داشکستان | کانگای بەرداش، ناوی گوندێکە |
| داکوشتن | داکوژاندن |
| داڵگوشت | هەمیشەلەڕ |
| دانستە | دانسقە، تایبەتی |
| دڕدۆنگ | بەگومان، دودڵ |
| دنەدان | هاندان، ناوتێدان |
| دۆز | ئامانج، داخواز، مەبەست لەژیاندا، تۆڵە، پشکێنەر: خۆت بدۆزە،سەرم بدۆزە، حەیف |
| دۆژ | نێوان، مابەیەن |
| دوژەه | جەهەندەم |
| دو | کلک، دوکەڵ، دوا |
| دونبلی | زازا، چەند هۆز و تیرەن لەکوردستانی بن دەستی تورکانن،کە لە تورس: خۆ زۆریان حوکومەت کردوە. |
| دوزمان | بەدەم،کەتن گێڕ، دەم شڕ |
| درگانە | دەرەگا، قاپی |
| دەرمانداو | ژهرپێدراو |
| دەرۆستهاتن | دەرەقەت هاتن |
| دەرەتان | ڕێگای دەر بازبون |
| دەسک | مشتو، دەستو |

Dr.Saleh Ebrahimi

۲۲ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| دەسکەنە | دروینەی بەچنگ |
| دەغەز | ناساغی دەرون، دەغەزدار |
| دەلاقە | کونای دیوار و تاقەی چکۆڵە |
| دەلال | جوان، نازدار |
| دەڵاندن | نمدانەوە |
| دیرۆک | مێژو، تاریخ |
| دیوەزمە | غول، پیرهە ڤوک |
| دارهەنە | چوار چیوەی تەون |
| دانستە | تایبەتی، آنقەست |
| داهۆ | دهو، گزی، گەر |
| دردۆنگ | دودڵ، بە گومان |
| دزێو | ناحەز، ناشیرین |
| دیمەن | مەنظەرە |
| داد | هاوار، عەدل |
| دڵلاوێن | دڵۆفان، لاواندنەوەی دڵ |
| دزێو | ناحەز، ناشیرین |
| داعبا | جانەوەر، گیاندار |
| دوێن | قسە کردن |
| دەس بەدەس | دەستاو دەست، لەگەردا، بەرەواج، نەغدبەنەغد |
| دەستری | پاکی دەکردەوە - سڕین پاک کردنەوە |
| دادێ | دەبێ، دی، گەرم ئەبێ |
| دۆزینەوە | دیتنەوە، کەشف کردن |
| دنەدەر | بزوێنەر، قانە قدیلە دەر |
| دەهەندە | بەخشەر، دەهندە، دلاوا، دڵ لاوێن |

۲۳ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| دڵۆفان | بەخشەر، دەهەندە |
| دژایەتی | دوژمنی کردن، زیدیەت |
| دارا | دەوڵەمەند، دەست رویو، ناوی یە کیٚ لە پاشا مادە کانە |
| دامە | دامە ؛ |

دامە یا تەختە دامە، جۆریٚ شەترنجی کوردەواری‌یە بە ۳۲ دانە دار قرقڕە کە هەر یە کە لە دامە کەر ۱٦ دانە لە لای خۆی لە نێو جێگای خۆیاندا، ریزیان دە کا و بەبیر کردنەوە، یە کیٚ لە وانە کە بە ناو (ئاغا) ناودەبریٚ بگە یینێتە پشت سەر دامە کانی لایەنی دیکەی دامە کەر، ئەم کایە بە ناوی کایەییکی کوردی بۆ خەڵك ناسی کەڵکی لیٚ وەر دە گیردریٚ (شەپۆل)

| | |
|---|---|
| دارەبەن | داربنێشت |
| دێبەر | زەوینی خواروی ئاوایی، باغچە |

## رێی:

| | |
|---|---|
| رێبوار | ریٚ‌پێو، موسافیر |
| رخ | تەرەف، لا |
| رزگار | نەجات |
| رەخسین | سازدان |
| رۆژی بە ریٚ | پەسلاٚن، روژی قیامەت |
| روشت | هەڵدان، نمو، سەبك، شێواز، شێوە |
| راوێژ | تە گبیر، شورا،گرینگایەتی وکەسایەتی‌دان بە تا کە تا کی مرۆف، دانیٚ‌نێکۆشانی راستە و خۆ بە خەڵك لە کار و باری چارەنوسی خۆیاندا، بە جۆرێکی وا تە ك تە کی خەڵك بتوانیٚ لەکار و باری چارە نوس و ژیانی خۆیاندا بەشداری بکەن وەملهور بە سەریانەوە نەبیٚ |

| | |
|---|---|
| رامالٚ | راونان |
| رەچەڵەك | جنس، رەگژی، نیژاد، ئەسلٚ |
| رەچاو | چاو لێکەری |
| رەوەز | تیشە بەردی سەخت |
| رەهەند | خەندەکی ئاوەرۆ |
| رمی | دەنگی گریان و نالاٚندن |
| راوەت | واتاکردن، تەفسیرکردن، لێك دانەوە |
| رواڵەت | زاهیر |
| رەتان | ماندوبون، خۆماندوکردن، لێك دانەوە |
| ڕەوەز | چێن چینە بردی ناوقە دو سەری کێو |
| رابەر | شارەزا، پێشرەو، رێبەر |
| رەواندز | دزی رەوان، دژی چریکێ کە جەنگی نامەرئی دەکات، نـاوی شـارێکە لە کوردستان |
| راپسان | لە پڕجیابونەوە |
| رابون | بەرزەوەبون، هەستان |
| راچڵەکان | داچڵەکان، راچڵەکین |

## ز:

| | |
|---|---|
| زەل | قۆپی،زەلکاو، جێ‌زەل |
| زی‌پک | وزە، هێز،کەسایەتی |
| زیزانە | خەوش و خالٚ‌ناوگەنم و دانەوێلە،کوێرە،گورگە،کۆیرو. |
| زوقم | بەفرە لوکە، سیخوار |
| ڕژد | چروك، لێژایی، هەوراز |
| رەمەکی | ناتایبەتی |

| | |
|---|---|
| رەختە | پەرداخ، قاییم |
| رەشایی | گوندنشین، ئاپۆرەی مەردم، دێنیشی، بیزەوی و زارو جوتوگا، نەچێن |
| راتلەکاندن | راوەژاندن، هەژاندن، راوەشاندن، تەکاندا، بزواندن |
| رەگژی | ریشە |
| رچە | رێگا بە فرینە، رێگای باری لە ناو بەفرا |
| رابوە | هەستاوە، راپەریوە |
| رۆندک | فرمێسک |
| راسان | روش هەڵگەران، راست بونەوە، هەڵگەرانەوە |
| رێژەو | بارانی بە خوڕ، مالوسکە بەستنی گەنم لە خەرماندا، بەرهەمی فرەو زۆر |
| ریسە | ریسان، رستن |
| رایەڵە | ئەو تالانەی لە تەوندا پۆیان تێوە دەدرێ، راهێل، راوێچکە |
| زریە | زریا، دەریا، زرێوار |
| زیت | وریا |
| زیخ | خیز، ئازا |
| زێد | نیشتمان |
| زبارە | هەرەوەز |
| زارو | باریک، کیسەی زەرداو، زەرو، زالو، (زارۆ: مندال، منالی چکۆلە) |
| زەندک | دەریاچە، بیرک، جومگەی دەست |
| زەندەک | زەندۆک، قۆل وانە، شتێکە، وەکو پوزەوانە، بۆدەس، لەنوکی، پنجەوە، ئەی گرێ تا پشت ئانیشک، ورە، هێزی دڵ، زراوی گیاندار |
| زەری | باکیرە، دۆست٭کچ، بندار، جوانی، سپی پێستی، سەوزەڵە، سەوزە، دەریا، زەریا (زەری: پارچە،رایەڵە٭زێر، زەڕاندی) |
| زوێل | زوڵە چەرم |
| رهان | پیری پەک کەوتە |

| | |
|---|---|
| زۆڕ زۆڕ | گریانی بەقەو |
| زوزان | کۆیستان، هاوینە هەوار |
| زاف | فرە، زۆر، زحف |
| زەرد | راز و سەخت |
| زوێر | زیز، عاجز و مات |
| زەردە | هەتاوی ئێواران، هەتاوی دمکەل |
| زیندو | زیندگ، ملەی کێو، گیاندار، حەی |
| زاروک | زارو، مندالْ، زارۆڵە |
| زەریا | دەلیا، دەریا |
| زەند | باسک، قۆل |
| زەق | دەرپەریو، زۆپە |
| زریوار | زرێبار، رەخی دەلیا، دەریاچەیەکە نێزیک شاری مەریوان لەکوردەواریدا، وەک دەریا، گۆل، زەریا مانەند، زەر، کورتەی زەریایە، وار، باشگری تەشبیە: وینەی زەریا |
| زڵتە و قوڵتە | دەنگی کولاَنی ئاو لە سەر ئاگردا |
| زنوێر | جێگەی بڵند ، هەوا، سازگار |
| زەمەند | زەوینی زۆر بە گیا سەرشین |
| زەریا | دەلیا، دەریا |
| زاڵە | گلەیی، کیسەی زەرداو |
| زات | نەترسان، ویران، هەبون، هەیەتی، زات ناکەم بچم |
| زاردڕاو | دەم دڕاو، دەمشڕ |
| زاراوە | شێوەی تایبەتی ئاخافتن، دراوی دەم، زاراو، لەهجە، شێوەی قسەکردن، ئیستیلاح |
| زل | گەورە، زەلام |

Dr.Saleh Ebrahimi



زنازنا — هەروا و هوریا، چەقە و گوڕە، زەنازەنا

زانین — عیلمی، عیلم، زانست

زانینی حضوری — عیلمی حوزوری،زانستێ کەنیازی بەکەسب نەبێ و حازربێ

## ژێ:

ژار — بێچارە، هەژار

ژەنگە سورە — جانەوەرێکی گەزندەیە،وەک زەردە واڵە وایە،بەڵام سور و قەویلەترە

ژیار — شارستانی، تەمەدون

ژن بەژن — ژن بە ژنە واتاگەنجێک دڵی لەکیژوڵە یەک ئەچێ و ئەی خوازێ و ئەیەوێ مارەی بکات ئەم خاوەن کیژەش پەڵپ ئەگرێ تا بنەماڵەی ئەوگە نجەش کچێک یا ژنێک لە بنە ماڵەی خۆی بدا بەکورەکەی ئەم خاوەن کیژە جوانە، ژن بە ژنە بە بار متەدان یابە شودانی چاوکەژاڵێکە بە نابدڵی لە بەربە جێهنانی دڵی عەشقی گڕگرتوی کوڕێک، دیارە ئەم رەسم و باوە ناشاياوە، جۆرێک، فروتنی ژن و کیژە، دەڵێن: کچ بە زۆر، بە شودان مارەی نایە. بە ختیارانە لەکوردەواریدا. ئەم باوە پوواوە، دارزاوە، باری تێک ناوە، تەکی داوە بەملاوە، تێک رە ماوە، ئیتر باوی نەماوە.

ژیوار — گوزەران، ژیان، شارستانی،ناوی گوندێکە لە هەورامان کە لەوێ (مەلا محەمەد سلیمان) کە ناز ناوی (صدیدی) بـووە و ئەوینداری و ئـۆگـری کـیژۆڵەیکی نەشیملانە ئەبێ بە ناوی: (نیشانە) کچی بارام نیوێک،صدیدی هەورامـانی لە ساڵی ١١٩٩ی کۆچی هاتووەتە جیهان و لە ١٢٦٥ کۆچی‌دا مردووە،ئەمەش شیعرێک لەوهۆنەرە باهونەرە مەزنە:

عەرزە داشت بەندی دڵ مەندو رەنجور

(صدیدی) دامس عەشق بە (صدیدی) مەشهور.

دیوانە شیعرەکەشی کە ١٠٤٠ هونراوەیە لە ١٩٧١ زایـنی دا لە چـاپخانەی کامەرانی سلیمانی چاپ کراوە .

Dr.Saleh Ebrahimi

۲۸ - شەپۆل

ژیر ئاقڵ، زرەنگ، زیرەک

ژاژای سیرێژ، شرێژ

ژەنگ زەنگ، چڵکی سەرکانزا، بەلایەکی گەنمە، کەماکێکی رەشی ئاڵوسوری لێ دەنیشێ.

ژەهر زەحر، زەهر، سەم

ژین ژیان، زیندەگی

ژار هەژار، نەدار، کەنەفت

ژیر ئەقڵ، ئەقڵدار، عوقول

ژیری ئاقڵی، ئەقڵدار بون، ئەقڵی، هۆشی، هۆش، بەهۆش

ژان ئێش، ئازار، دەردی منداڵبون، نەخۆشی، ماستی بونەدۆ، مەشکە، راژەندن، ژام.

ژاکان سیس‌بون، چرچ‌بون

ژمار ئەژمار، ژماردە، بژاردن

## سین

سەرکەشکە ئەژنۆ کەشکەرانی، کاسەی زانو

سێرە سیرەگرتنی تفەنگ‌چی وورد ڕوانین لەشتێ.

سارد سار، چایک، بێمەیل، ساردە: بێمەیلە

ساوا سافا، کۆرپە، دەست ریخستن، پیاماڵین، دەس پیاخشان

ساوانی هەستێ کە دەست و پێ دەیکا، پێست هەستی پێ‌دەکا

ساو تیژکراو بەهەسان، ساماڵ، پیا ساوین تیژابی دەمی تیخ

سەرنج‌دان روانین، وردبونە وە.

سوڕان گەڕان

سڵەمینەوە راچەنین، هەڵاتن، رەمێ

سۆز ئەوین، عەشق، شەوق، گڕ، ئارەزو، گڕگرتو

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| سەرۆک | مەزن، رەئیس، سەرەک، گەورە |
| سەدوم | سەدومی سەغیر، شارێکە لە چیای شارە زور،کە فریشتە لە نێویان بردوجێگاکەی بوە زرێوار - زرێواری لای مەریوان - زریا، دەریا |
| سەنەم | بوت، ژنی جوان |
| سینا | بوعەلی سینا، ئەم زانایە لە ۳۷۰ لە دایک بوە و لە ۴۲۸ی مانگی لە هەمدان وەفاتی کردوە، مەیلی بە ئیشراق و صوفیەتی بوە، زۆر زانابوە و ئەم پەراوانەی نوسیوە: قانون لە پزیشکیدا،شفا لە فەلسەفەدا، ئیشارات و تەنبیهات لەمەنتقدا و ... |
| سڕ | سارد، بێ‌لەش، بێ‌تین، سڕە |
| ساماڵ | سایەقە، بێ‌هەورو هەلا |
| سێرە | نیشانە |
| سەرتەلی | سەرتالێ، سەرتۆپی |
| سەپان | کاردار، درۆینەوان |
| سەربزێو | دلێر، نەبەز و ئازا، دانەمرکاو |
| سی‌پارە | جزمی سی پەرە |
| سەبارەت | لەبەر - لە بابەت |
| سورهول | بەژن وکیژۆ لەیەک ئەڵێن‌کە سورو سپی بێ،رەنگی پێستی‌گونای وەکو بەفر و خوێن وابێ،کاتێ تاو لە هەنیە و گونای ناسکی بدات ئارەق دانار دانار لە سەرگونای وەکو ئاونگ لە سەر سورەگوڵ بێ و چرگەر بخاتە عیشق و ئەوین و بونی‌گوڵ،بولبول بڕوا خەریکی چینە لە ریشەی دڵ بێ و بە دەنگی خۆش تێی چریکێنێ و بیژێ: |

وەکو بولبول بونی گوڵ دەکەم

چینە لە ریشەی دڵ دەکەم

| | |
|---|---|
| سازان | ساچان |
| سرتە | چپە، سرکە |

Dr.Saleh Ebrahimi

۳۰ - شه پۆل

| | |
|---|---|
| سلار | بەلادا هاتو |
| سندان | نەخوشیە کە، دەزگای ئاسنگری، ئاسێنکە، ئاسنی لە سەردە کوتن |
| سێل | ساج |
| سێڤی | دایک مردو ، |
| سۆل | کەوش، سولک |
| ساوا | دێرزاوە، ڤرنی، بێچوی ئاژەڵ، کوربە ، |
| سۆراویلک | مراوی، کێوی |
| سۆنگە | هۆ. سەبەب |
| سویسکە | زرە کەو |
| سوتمان | آگر، بەربونەوە، حریق، آگر، بۆسۆ ، |
| سەردڕانە | بە خشش، بۆجلکی نۆی |
| سەیدا | مامۆستا |
| سیریژ | سیراج، سیریچ، ژاژی |
| سەلت | رەبەن، بیۆژن، سەڵە قەمچی، تەنیا، سەڵتە، جۆرە کالایە کی قۆڵداری کورتە، زیاتر، فەقێیان لە سەر کەواوە لە بەری دە کەن ، |
| سەمەنی | جۆرە خواردە مەنی یە کە، لە ئارد و قەرسییلی گەنمی ناسک و تۆیکل گیراو ساز ئە کرێ و بە آگر ئە کولێنرێ ، |
| سیاچەمانە | چاورەشە، چاورەش (سیاچەمانە ... سیاچەمانە ...+ هەورامان جێگای سیاچەمانە) دیوانی گورانی نەمر ، |

Dr.Saleh Ebrahimi



**شین:**

شین کەوگ بەرەنگی ئاسمانی،رەنگی گیاسەوزیتوخ، شەپۆر، جۆین، رویشتن، رابور دوی، چون، حەزرەتی مەولانا خالد شارە زوری نوسخەی جامیعە (شین)ی لە مەعنای جەمعی موزە کەری موخاتەب بۆ پێغەمبەر بەکار بردوە کە فەرمویەتی:

وەسیزدە هەنی ئەو خورجە بینە

راهی بی کۆچ کرد شین وەمەدینە

یانی لە ١٣ی مانگی مەولود لە رۆژی هەینی پێغەمبەر (د - خ) چووە شاری مەدینە. حەکیم مەولەوی کوردیش (شی) لە مەعنای (رۆیی) دابەکاربردوە کە فەرمویەتی: شیعر

دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سیرکافین

ئێد دای مونافین ئەو دەوای شافین

ئەوان چون، پیێ داگرتن و بەربینگ گرتن (تۆ بۆلە من شین بویەوەو دەس بەر نادەی.

شەنگ جوان و لەبار، شرو شاتاڵی ناومالّ.

شمشاڵ شمشاڵ لەداری شمشارە، لەوە دەچێ پیتی (ر)یّ بوبێتە (ڵ) وەك: قورینگ بوبێتە قولینگ،لە ناوی قازی و قوڵینگ کە بۆ باڵندەیە کە یاوەرام، وەلاّم،ئەمە قانونی (قلب و ابدال)ە کە (رێ) بۆتە (ڵ) یا (ڵ) دەبێتەایّ ئێستا شمشاڵ لە ودارەو لە فافۆنی زەردوسپی،وە،یا لە نەی و قامیش ساز دەکرێ، وەك بلۆیز

شە پول دانە وە: مە وج دانە وە.

شیناورد چێندراوی هاوینە، چیمەن وگوڵزار.

شەتاو ئاوی زۆر،کە لە بەفری تاو یاوە، سەرچاوە، هەڵدەگرێ

شڵلێر گولێکی سووری ئالە.

شەقڵ مۆری دارین بۆ نیشانە کردنی خەرمان، بێدەنگی.

شلکە بیزا تازە و ناسک،گیای تازە،گیایە کی خواردەمەنیە.

Dr.Saleh Ebrahimi

٣٢ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| شێنەیی | ئارام، لە سەرە خۆیی، لە سەرەخۆ ـ |
| شەپۆل | شاپێل، مەوج |
| شەپۆل دانەوە | مەوج دانەوە |
| شینکایەتی | شینکاتی، سەوزایی ـ |
| شەوەزەنگ | تاریکە شەو، زۆر تاریک |
| شینکە | گژوگیای تازە سەردە رهێنا و،لە دەشت و سارا |
| شلوێ | لێڵ، قوراوی |
| شێواز | ڕێباز، شێوە، سەبک |
| شهود | دنیای شهود، عالە می عیرفان و خوابینی، دڵ روناک |
| شایەر | خۆوێژ، چڕگەر،گۆرانی بێژ،بێژقام |
| شاڵاو | هێرش، شاڵاوکردن، هێرش بردن |
| شیناورد | شینایی، زەرحاتی شین |
| شەوە | جنۆکەی ساوا رفێن،گەوهەری رەش |
| شیوەڵ | دوڵ، قوڵای کێو، یائاودڕگە |
| شوێنەونکێ | خۆشاردنەوە، شوێنەوارگوم کردن |
| شەکەزەکات | زەکاتی شەک، بەرات، خەڵات |
| شەک | مەری یەک ساڵەی مێو |
| شادە | شایەت |
| شوتک | شاڵ، پشتێن، پشتوێن |
| شین | سەوز، شین گێڕان |
| شین | شیوەن،گریان، کوتەڵ گێران |
| شێف | شام ، |

Dr.Saleh Ebrahimi

## ٣٣ - باوی کوردەواری

شارەزور: لە کۆنا سەرزەوی یەکی بەر فرە بووە، لە نێوان هەولێرو هەمەدانا، لە رۆژگاری یاقوت: (سەتەی ٧ی هەتاوی) خەڵکی ئەو ناوە،هەمو کوردبون، ئیستاش شارۆ-ڵکەبەک بە ناوی (دێر زور) لە باشوری خۆر هەلاتی شاری سلێمانی و رۆژ ئاوای زنجیرە کێوەکانی هەوراماندا هەیەو زۆر خۆش ئاو و هەوایە، یارسان ئەهلی حەق بڕوایان وایە دینی وان ئەچێتەوە سەر شارە زوری: شەمسەدین محەمەد کوڕی مەحمود حەکیمی سەتەی ٦ و ٧ هەتاوی نوسەری (نەهزە تولئە رواح - ورە وزە تولئە فراح، ئەڵێن: خزمی سوهرە وەردی یە و لە سەرەتەلویحات - و حیکمە تولئیشراق - ی شێخی ئیشراقی کورد راڤەی نوسیوە، هەر وەها کتێبی (الرموز الامثال اللاهوتیه فی الانوار المجرده - الملکوتیه)شی نوسیوە کە شێخ عەلی کوڕی محەمەد ناو دار بە (مصنفک کە لە ٨٧١ مانگی دا راوەتی کردوە، شارە زوری پەیرەوی رچەی - شێخی ئیشراقە،لە فەلسەفەدا.

شێز: بە پێی نوسینی (راولینس) لە شاری (شێز: تەختی سلیمان) دا خوسرەو پەروێز سپای رازاندۆ - تەوەو لە ئاگردانی ئەوێدا نوێژی کردەوەو - نیایشی خوای بەجێ هێناوە و سەرکەوت و بەختەوەری خواستوە، لە ناوە راستی قەلای شیزا گۆل ئاوێکی زۆر جوان هەیە کە پان و بەرینـاییکەی حـەوت هـەزارو پێنسەت میتری چارگۆشەیە، ئەم گۆل ئاوە مەخروتییە و سەری لە قولایی دایەو جیا بونەوەی جوگەئاو، لەو گۆل ئاوە بووەتە، هۆی ئاوەدانی گوندەکانی ئەو ناوە، ئاوی ئەوێ، وەکو ئاوێنە رۆژگاری ئاوەدانی زۆر کۆنی ئەوێ ئەنوینێ.

ئەمین ئەحمەد لە کتێبی: حەوت ئیقلم دا ئەنوسێ: «شـێز» شـارێکە لە نـێوان مەراغەو زەنگانا. کە ئاگردانی گەورە بە ناوی (ئازەرگوشە سب: ئازە رجسنف) یش لەوێ یە و زەردەشتین هەر لەوێ بووە و لە پاشان چووەتە (سەبەلان) و کتێبی ئاویستای بە خەلات بۆ هاتووە و بردویەتە لای گوشتاسب.

یاقوتی حەمەوی لە موعجە مولبولدان دا ئەنوسێ: شـێز، ولاتـێکە لە ئازربایجان دایە - ناوەکەی (جزن - یاگزن)ە و عارەب بە شێز خویندویەتەوە ئیبنو خورداذبیهـ ئەنوسێ: ئاگردانی شاری (شێز) بە ناوی ئازەرگوشەسب لای

Dr.Saleh Ebrahimi

## ۳۴ - شەپۆل

موغەمادەکان بە ریز بووەو مرۆڤە شەرکارەکانی ئاترۆپاتکان (آزربایجان) زۆر - ئازاو نەبەز بون.

دەوران دەورەی قەلاَی (شێز = تەختی سلیمان) بارۆگەلێکە بە بلێندی ۶/۵ تا ۸/۵ میتر، وە لە بان ئەوانەوە بۆ پاسەوانی، بورجە بەردینە، سازکراوەکە ئەگەنە ۳۶ بازۆ، ئەم بورجانە ۲۲ تا ۲۶ میتر لە یەکتر دورن، بۆ هات و چۆ لە شاری شێزا دو دەروازەی گەورە هەبوە و ئاورگەی شێز یا ئازەرگوشەسب لە رۆژگاری ساسانیان (۲۲۴-۶۵۲ز) زۆر گرینگ بوەو لە تیسفونەوە چونە زیارەتی، هراکلیوس ئیمپەراتوری روم کە هێرشی کردە سەر ئێران خوسرەو پەروێز شای ساسانی لە ساڵی ۶۲۳ی زاینی رای کرد و چوە شێز و چاوەروانی (شاهێن، شار بازار)ی سەردار لەشکری خۆی بو، گویا (شاربازار) لە (قورە بەراز)ی لای بۆکانەوە رویوە و ئەم ناوە گۆردراوی شار بازارە، هەروەک دەڵێن: بۆگەبە سی یادگاری (بەیت) یا (بەیت بەگەیا) یە (شەپۆل).

شۆپ — شوێن، ئەسەر

شەتڵ — لە ساڵی کوندا ئەی چەقێنن، وەک: شەتڵە توتن یا شەتڵە رێحانە، جادوای دومانگ یا زیاتر بە ریشەوە هەڵی دەکەنن و لە ناو دێراو یاکەردو دەی چەقێننەوە و ئاوی دەدەن تاشین و سەوزبێتەوە ،

شاقەل — داوێنەی کەوا، ئاتەگ

شپریو — پرو بلاَو

شات و شوت — چاورا

شە — نم، تەر، برینەکەشەی هێناوە یا تەشەنەی کردوە (تشنج) موعەرەبی تەشەنەی کوردی‌یە و مورەکە بە لە: تە + شە + ن + ە ،

شەوارە — راوە مەل بەچرا

شیلەگە — برگەلە جۆگە

شێلاَنە — قەیسی

شەنگڵ — لە خۆدان ؛ وەکارکەوتن

Dr.Saleh Ebrahimi



## عەین:

| | |
|---|---|
| عەینیەت: | ئەوەی بەیەکیٚ لە حەواس دەرك ئەکریٚ، وجودی عەین، موبیٚنی وجـودی زیهنی و خاریجی‌یە، پەسنی خوای پیٚ دەناسٚیریٚ، زاکۆنی خوانـاسی یـا لە ریٚگای بەڵگەوە‌،کە تایبەت بە زانایانە یا بـە ریٚگـاتی پـاك راگـرتنی دڵ و دەرونەوە . |
| عار | شەرم، شورەیی، عەیب و عار . |
| عەجبات | سەر سوڕمان، عەجیب |
| عیرفان | ناسینی خوا، ناوی زانستیٚکە لە زانستەکانی ئیلاهی کە خواو... |

## غەین:

| | |
|---|---|
| غەوارە | بیٚگانە، غەرییە، ناموٚ |
| غەزالی | ئیمام موحەمەد غەزالی یەکیٚکە لە زاناگەورەکانی جیهانی ئیسلام کە لە ٥٠٥ی مانگی لە توس لە دایک بوە و لە ١١١١ی زاینی وەفاتی کردوە و ئەم کتیٚبانەی نوسیوە: ئەحیای علوم دیـن، مشکت الانـوار، المـنقذ مـن‌الضـلال، تهـافت الفلاسیفە، الوجیز و ... |

## فیٚ:

| | |
|---|---|
| فراین | نەهار، نان خواردنی نیوەڕۆ |
| فیٚرگە | مەدرەسە، مەکتەب |
| فەرتەنە | بەڵا، وەیشومە، قەوماوە، فیتنە، هەرا، جەنگ |
| فیٚرانکۆ | زانکۆ، فیٚرگە، مەکاتیب |
| فرچك | هەوەڵ شیر، گۆچ |
| فیکر | هزر، بیر |
| فلٚچ | شلٚ، دەم فلٚچ، خوار، خیٚچ، ناحەز . |
| فیٚرکردن | ڕاهیٚنان، تەعلیم‌دان . |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| قەشمەر | قەلاش، زرەنگ، خۆرێخەر، جوان |
| فەرز | واجب |
| فرتۆڵ | جوێنی ژنانەیە |
| فزی | گزی کردن، فێڵ کردن |
| فل | ماندوی پەکەوتە |
| فیتری | خۆرسک، سروشتی، خۆکرد |
| فەراقی‌رەش | دواهەناسە |
| فرە | زۆر، زیاد، زاف‌فریە ٠ |
| فت و فرەوان | زۆر زۆر، فرە زۆر، بەرفرەو زیاد |

**ڤی:**

| | |
|---|---|
| مرۆڤ | ئینسان، ئەنزان، ئادەم، بەنی ئادەم |

**قاف:**

| | |
|---|---|
| قاڵب | شتێ کە کانزای تاویاوی تێ دەرێژن، جەستە، لەش، بەدەن، قوتو، دەفر بۆشت فرۆشتن، ژمارە بۆ دارژاوی توندەوەبو، قاڵبە شەمچە، قاڵبە سابون ٠ |
| قووڵ | بی‌بن، عەمیق |
| قالۆرە | قالۆر، ساقەتە گیای ناو خاڵی |
| قەنە کێشێ | تاوێ، دەمێک، هەناسەیەک، کاوێک |
| قرتاڵە | قرتاڵ، سەوەتەی میوەیاهی ترێ ٠ |
| قاودان | دوکەڵدان، قانگدان |
| قازەوان | کەسێ کە لە بەر مەل و قاز بێ، قازچەران، ئاگادار لە قاز |
| قنیات | قەناعەت، سەبوری، رازی بون بەبەش ٠ |
| قاقر | زەوینێ کە گیای لێ نەروێ، کنایە لە مرۆڤی رژد و چروک ٠ |
| قەشە | پێشەوای ئاینی مەسیح و خاجدار، کەشە |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| قوتیله | سەوەتەی بچوک قڕتاڵە، قوتوی بچوک، چرای فتیلە، ئاوێنەی گرفان |
| قوروسکە | قیژەو هەرای سەگ و تاژی |
| قەڵادزێ | کەلاتی دز - قەڵای کەسانێ کە بەدزیەوە بێ ئەوەی ببیندرێن، بە جەنگی چریکی دوژمن بۆر ئەدەن و زۆری بۆ دێنن، ناوی شارێکە لە کوردستانی باشوری. |
| قورم | دوکەڵ، رەشی دوکەڵ |
| قوڕماوی | دوۆژەنگدار، رەش هەڵگەراو، دوکەڵاوی |
| قۆزاخە | گوڵ بەرگ و کاسبەرگی پەمۆ یا لۆکە |
| قەدپاڵ | تەلان، لاپاڵی کێو |
| قەپ | گاز، قەپگرتن، گازگرتن |
| قاچاندن | هەڵاتن، بازدان |
| قالۆر | لاسکی ویشک و هەڵۆل و ناو خاڵی |
| قزە | ترسە نوک، ژنانێ |
| قنیات | قەناعەت، سەبوری، رازی بون بەبەش |
| قۆزینەوە | لەهەواگرتنەوە |
| قوشقی | سڵ |
| قەرقەش | گێژە و کێشە |
| قوڵپی گیریان | کوڵی گریان، قوڵپی فرمێسک بە خوڕ |
| قوڕنە | سوچ، قوژبن |

**کاف:**

| | |
|---|---|
| کرکرە | لولەی هەناسە |
| کرۆک | رەک و ریشە |
| کوانو | ئاگردان، تفک |
| کەور | کەپر، کەورگ، بەرد، ئەشکەوت. |

Dr.Saleh Ebrahimi

### ٣٨ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| کەل | بەندێن، کەژ ، زرێنو، یاڵ ، |
| کەلاوە | دیواری روخاو، کاول |
| کەلاك | لاشە |
| کەڵی کۆتان | بۆپیاوی ئازای بەکار ئەبەن |
| کەنارە | لاکیش، کۆبە، پەراوێز |
| کەو | بێژینگی کون زل، ناوی باڵندە یەکی جوانە کەنە چیرەوان لە کاتی خۆی دا ئەچێتە راوی، لە کوردەواریدا راوە کەو زۆر خۆشە |
| کەودەری | مەڵێکە لەنێو بەفردا دەژی. |

## کرت کردن

کەرت و دابەش کردنی وشەو ، کەخۆیی باسێکی زۆرگرینگە لە زوان ناسیدا، زانایانی کورد خۆیان ڕەتاندوە، بەلاّم نەچون بەلای زمانی زگ ماکی خۆیانا، مەبەست لە کەرت کرن دیاری کردنی: (بین - سیلاب - لەت - سریچکا - مەقتەع).

١ - لە زمانی کوردیا وشە تاپێنج کەرت هەیە.

١ - وشە کانی یەك کەرتی واتا: بەیەك بین بگوترێن و دوپیست بن وەکو: چڕ، دڕ، پڕ، بڕ، چو، مو، شو، تو، دو، تۆ، دۆ، هۆ، مس، کز، مژ، دژ، دش، مر

٢ - سێ پیت وەکو: داو، ڕاو، چاو، خاو، مەڕ، سەر

٣ - چارپیت بن وەکو: هەنگ، ڕەنگ، دەنگ، سینگ، لینگ

٢ - وشە کانی دوکەرتی وەکو:

١ - چارپیتی وەکو: باوك (با - وك) مامر (ما - مر)

٢ - پێج پیتی وەکو، هاوار (ها - وار) نەخۆش، (نە - خۆش)

٣ - شەش پیتی وەکو: هەنجیر (هەن - جیر) سەردار (سەر - دار)

٣ - وشە کانی سێ کەرتی:

١ - شەش پیتی وەکو: ئارەزو، (ئا - رە - زو)

٢ - حەوت پیتی وەکو: شارە زور (شا - رە - زور)

Dr.Saleh Ebrahimi



٣- هشت پیتی وەکو: هەورامان (هەو - را - مان)
محەمەد ئەنتاکی لە پەڕاوەکەی خۆیا بە ناوی کورتە یەك لە فیقهو لوغە بە عەرەبی کە لە ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٩ زایینی لە بێرۆت چاپ کراوە بۆسێ کەرتی لە پەڕەی ٢٦١ - دا میسالی بە شابەندەر (شا - بەن - دەر) هێنا وە تەوەولە پراویزیشا نوسیویەتی ئەم وشە عەرەبی نییە

٤- وشەکانی چارکەرتی:

١- هەشت پیتی وەکو: ئاڵو باڵو (ئا - ڵو - با - ڵو)

٢- نۆپیتی وەکو: قوتابخانە (قو - تاب - خا - نە)

٣- دەپیتی وەکو: هەزار مێردە (هە - زار - مێر - دە)

٥- وشەکانی پێج کەرتی - واتا بەپێنج بین بها و ێژرێن:

١- یانزە دپیتی وەکو: وەنەوزەکوتە (وە - نەو - زە - کو - تە) ئاسیاوەکۆنە (ئاس - یا - وە - کۆ - نە) کولێرە ڕەشکە (کو - لێ - رە - ڕەش - کە) کولێرە چەورە (کو - لێ - رە - چەو - رە)

٢- دوانزە پیتی وەکو: سەربەرە وژێرە (سەر - بە - رەو - ژێ - رە) شەم شەمەکوێرە (شەم - شە - مە - کوێ - رە) سەربەرەو ژورە (سەر - بەر - رەو - ژو - رە).

| | |
|---|---|
| کەوە | شینی ئاچوخ |
| کەوشەن | سنور، تخوب، هەرێم |
| کەوی | ماڵی، رنوەبەفر، کلیلە، رەنی |
| کلکە سوتێ | ریایی |
| کوری رەش | کوڕی ئازا، رەشکەڵە، ناشیرین |
| کەنگە لاشك | دەندەلۆشك، گەڵای ویشکی کەنگر |
| کارژیلە | کاریلە، کاری بزن |
| کچی دزێو | کچی ناحەز، کیژی ناشیرن و ناجوان. |

Dr.Saleh Ebrahimi

۴۰ ـ شەپۆل

| | |
|---|---|
| کەونارا | کۆنە، لە مێژینە |
| کۆست کەوتە | کەسی لێ مردو، لیقەو ماو . |
| کورنوش | سەرچەمانەوە |
| کەشاو | زەوینێ کەبێ ئاوبکێڵدرێ |
| کۆڕ | کۆ، جەم |
| کەلەپور | میرات، میراتی فەرهەنگی |
| کوپ | نکل، دەستە، هەنگلە |
| کوردی هونەرە: | زوانی کوردی هونەرە |
| کل | کورەی ئامانان، ئاگرێ بۆسور کردنەوەی دیزە وگۆزە |
| کەڕەسێ | سێبەر، سێبەیێ کە هرگیز تاولێی نەدابێ |
| کەوڵ | پێست، پێستیی خۆش کراو، سفرەی نان |
| کرێو | کریپ، دۆستی، بە خزم حساوکراو. |
| کەرە بەیانی | تاریک و لێڵە، بولێڵە، سۆزی، سەرلە بەیانی زۆر زو. |
| کراڵ | هەردی بێپوش |
| کوانو | ئاگردان، شۆوێنە، کوانی |
| کڕاندن | لابردن بە روشاندن |
| کەور | کەورگ، کەفر |
| کاڵ | پیر، کاڵ |
| کوڤا | خەفەت |
| کۆیلە | دیل، یەخسیر، بەندە |
| کەسک | سەبز، سەوز، سەوزە . |
| کوفی | کلاو (تاسکلاو، تاجی) ژنانە |

| | |
|---|---|
| کۆسە: | پیاوی مولیّ نەهاتو، کەسیّ کە بەخۆ گۆران کایەبۆ خەڵك دە کا. |
| کەنین | پیکەنین، خەنین |
| کۆزی | وجا خێك، کە بە تەپاڵە و دەوە کێوی یا کێوی‌لە، ڕۆشن بکرێت |
| کۆیزر | گەنم‌لیّ دەرنەچوی پاش گێرە |
| کەڕو | برش |
| کەرکەمەر | کۆمەڵە مەرێك، دابراوی پەز |
| کەڵە ك | دیواری وشکەبەرد |
| کرنوش | سەلام بە خۆ نوشتاندنەوە بۆپێشەوە |
| کناله | کچی، یار |
| کێڵ | زەوی بۆ کێلان، کێڵگە، خانوی هاوینەی ناوباخ، چارداخ |
| کلاوزەر | کلا و ئاڵتون، ئافرەتی هەوشار سازی ئەدەن |
| کۆڵۆش | ساقەتە گەنم و جۆ، ساقەتەی هەرزن و گاڵ، بەلاّم، کەڵوەش ناوی شاخێکە لە نێوان شاری دوکان و سۆی سینان لە کوردستانی گەرمیان کەڵوەش یا کەڵبەش ناوی تاقمێکە دارای ئاینێکی تایبەت بەخۆیان، کەڵی بەش، گەڵ کامیشی ناوچاو سپی یا جوانەگای ناوچاوان سپی و بەشە |
| کسسە کسسە | دەنگی مەرلێخورین |
| کششە کششە | دەنگی مەل و مرومریشك دەرکردن |
| کولیلك | خونچە |
| کولین | ئەنباری ئازوخە |
| کلکە | پێچی دوایینی شاخ و کێو، خوشك و براودایك و باوك و ئاموزای ژن یاپیاو، بی کللە یە، بیّ کەسە |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| کورد | ئازا، نه‌بەز، کۆڵنه‌در، چالاک، ناوی نه‌ته‌وه‌یه‌که، ئاری ڕه‌گه‌ز، که‌به‌زوانی کوردی،کوردی قسه ده‌کا و له به‌شێکی ئێران و عیراق، تورکیا و سوری‌یه و به‌شێکی شوره‌وی و چه‌ن مه‌ڵبه‌ندی وه‌ک قوچان، نه‌ڕیز، شه‌هری کورد، کوردیچال و... ئه‌ژین |
| که‌موسکه | که‌م، زره، تۆزقاڵه زه‌ڕ |
| که‌ف چڕین | که‌ف کردن، شه‌پۆلدانه‌وه، سیلاو کردن. |
| که‌لام | که‌لامی، زانینی که لام،که‌لامی نه‌فسی یاکه‌لامی له‌فزی |
| کارا | به‌کار، ئازا،کارزان |
| که‌ند | چاڵ، چاڵه قوت |
| کورد | نه‌ته‌وه‌یه‌کی قدیمیه له ئاسیادا دژی |
| کۆسپ | قورت، ته‌گه‌ره |
| کۆڕ | کۆمه‌ڵ، ده‌سته، پۆل،کوبونه‌وه. |
| کاکه‌شان | ئه‌ستێره‌کانی ئاسمان. |
| کۆز | شوێنی ڕاگرتنی کاریله و به‌خۆڵه به‌رله‌تێ به‌ردان بۆ شیر خواردن |
| که‌ڵه | گیایه که بژارده‌کرێ له به ڕوبێستان |
| کۆڵان | کوچه، زوی دانه‌وه، هه‌ڵکه‌ندنی زه‌وی. |
| کوڵین | وه‌جوش هاتن |
| که‌زی | زوڵف،گێسو |

**گ:**

| | |
|---|---|
| گاجوت | گایێ‌که زه‌وی ده‌کێڵێ |
| گه‌رد | توز، غوبار،که‌موسکه، قوربان،گوری (وه‌گه‌رد بالاّت بام) |
| گه‌وه | نیوه جه‌غز، قه‌داو قه‌دی کێو |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| گەڕ | سوڕانەوە، فێڵ، تەشقەڵە، برەو، سەرسەختی، تەختایی زەوی، گێژاوی گـۆم، پیچدراو . |
| گەزیزە | گوڵێکە لە هەوەڵی بە هارادەروێ |
| گەشەونەشە | خۆشی و شایی، زەردەخەنە |
| گەزکەسك | گزنە |
| گژوگیا | نەباتات، پوش و پار، روەك |
| گڕی گرت | ئاوری گرت |
| گرشە | پر شینگدانەوەی خۆر، ورشە ورشی رۆژ لە دورەوە،گرشەی کوردستان ناوە بۆکۆوارێکی کوردی کە لە ۱۹۸۱/۳/۱ لە تاران بە زمانی کورد ل چاپ دراوە |
| گڕگرتن | ئاورگرتن |
| گەرم | داغ |
| گوێچکە | گوێ، گوێ |
| گزینگ | گزینگی خۆر، رەشێنەی چاو، بی‌بیلە، هەتاوی بەرەبەیان |
| گەنجە | گەنجینە، حیکمەت، جزن، جزنۆ |
| گەمی | لوتکە، کەشتی |
| گەریان | گەران، سوڕان |
| گۆکان | کورەکانی سوڕان |
| گزی | فێڵ، تەلەکە، فزی، حیلە |
| گۆ | خر،گردیلە،گردە، تۆپی دارینی کاشو بازی،کورە، جەغزی زەوی |
| گشت | سفت، بادراو،گشتە، قشت، هەمو، ئەوبەنە گشتە |
| گفە | گفەی باڵی کوتر ڕەنگی باڵی مەل |
| گف | خۆ هەڵماسان، باکردو، بۆقلە مونە،گفی کردوە |
| گازندە | گلەیی |

Dr.Saleh Ebrahimi

٤٤ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| گاشە | بەردی زل، گاشە بەرد |
| گاو | وەخت، هەنگاو |
| گەمی | کەشتی |
| گردەنشین | لە گەڕان کەوتو |
| گرێ پوچکە | گرێ کۆیرەی گوریس و تاڵە دەزو، گرفنچک |
| گروگرتن | پاچە قاندن، گرنە، گڕو |
| گلار | هەڵدێراو، دەنگی تەڕێ |
| گەرە لاوژێ | گۆرانی گوتن بە کۆمەڵ، گۆرانی و تن بە نۆرە |
| گۆوندە | بەزم، زەماوەند، شایی هەڵپەرکێ |
| گۆیین | کاشۆ بازی، ناوە بۆ جۆرێ کایە |
| گــــەڕ | فێڵ، تەڵەکە، گەرمان لێ بکا: فێڵمان لێ بکا، شاڵتاغ |
| گڕ | بڵێسە، چونە سەرێی گڕی ئاگر |
| گڕە مەسقەڵان | ئاگری بە گڕو زۆر، ئاگری گڕ بەرز |
| گل | چاوێشە، چاوم گل ئەکا، چاوم دێشێ |
| گێژەڵۆکە | گەردەلول |
| گڵێنە | کاسەی قوڕین |
| گۆشتە و زون هێنانەوە | پربونەوەی برین |
| گەڕناس | ڕۆژگارناس، وئاشنا بە کات و دەم |
| گەف | هەڕەشە و گوڕەشە |
| گزی | فیل، گەڕ |
| گوزەرانیان | رایان بوارد |
| گەلۆ | ئاخۆ، هەی گەل |

Dr.Saleh Ebrahimi

## ۴۵ ـ باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| گەند | رزیو، رزی |
| گەو | قەف، ئاڵقە |
| گەواڵ | هەوری ئاسمان کە ئەنیشێتە سەریەک، هەوری گەورەی گەواڵ گە واڵ، دەفی گچکە |
| گەش | ڕوناک |
| گاز | بانگ کردن |
| گوند | ئاوایی، دێی، لادێ |
| گرار | ئاشی خواردن |
| گاڵەگاڵ | گۆرانی گوتن |
| گرک | تەپە، تەپۆڵکە، گوتکەی نان کردن |
| لۆرک | لۆرکە |
| لۆک | وشتری نێری قەوی |
| گفی | پەنیری تازە، کە هێمان ئاوی نەگیرابێ |
| گولمانج | گۆل، ئەستێر، گۆل ئاو |

**لام:**

| | |
|---|---|
| لێکدانەوە | توێژانەوە، تەحقیق |
| لێکدراو | تیکلاو، ئامێتە |
| لکاو | پێوە نوساو |
| لەز | تاڵوکە، زو، عەجەلە |
| لاملی | مل بادان، نەچونە ژێر |
| لاپاڵ | قەدپیاڵ، لێژایی کێو و چیا |
| لە مپەر | بەرگر، کۆسپ |

Dr.Saleh Ebrahimi

۴٦ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| لە نگێزە | باران بەریژەو، بارژنی توندبەباوە |
| لافاو | سێلاو، هەستانی ئاو |
| لێبڕان | قەراردان |
| لیژەوار | جەنگەڵ، لێڕ |
| لێزگە | رشتەی بە مورو |
| لاشیپانە | لاداری چوار چیوەی درگا |
| لاتیلاگ | لایە ك لە کە للە سەر |
| لاپرەسەن | لاپەڕە، خۆتێ هەڵقوتێن |
| لوت و بزوت | کوتوپڕ، لە ناوکاو |
| لۆدە | کۆمای گز رەوکا |
| لباد | نمەد، کولاف |
| گۆلك | گوێرەکە، گوێلك |
| لابە | دوربخەوە، دورە پەرێزبە، دەس هەڵگرە (لابە تۆنازانی کاربکەی) |
| لابەلا | خوار و خێچ، سە ر سەخت و نە گونجاو، قەدپاڵی کێو چین لەسەر چین، خۆتێ هەڵ قوڕتێن |
| لەش | تەن، بەدەن، جیسم |
| لێژنە | لەسەریەك دانراوی داری سووتە مەنی، دەستە یەك خەڵك لە کاتی کار کردندا |
| لێشاو | ئاوی زۆر بە تەوژم |

**میم:**

| | |
|---|---|
| مەیسەر | گونچان، بوز خواردن، میسە ربو: جێ بە جێبو |
| مرۆف | ئینسان، ئەنزان بەنی ئادەم |
| مونکیر | دژ، نەخواز، پۆشەر، داپوشەری حەق |

Dr.Saleh Ebrahimi



مه ڵبەند — هەرێم، ناوچە

مەڵۆ — باقە، مەڵۆ مەڵۆ، دەستە دەستە، چەپکە چەپکە

کر — مامر، مریشک

مات — کز،کروشمه کردو، خەمگین، دەرفەت خواز لە کارێ، سەرسورماو، رەنگی بێبریقە، واژە یە کە، بۆلە کار کەوتنی شای شەترنجی دەڵێن، دوراو لە کایەی شەترنج، بێ دەنگ، دوای گریان مات بون.

مەندایی — مادا، مادایی، ئامادا: ناوی شوێنێکە، سابی نێوی دینی مادائیە،کە بەزمانی عەرەبی بە موغتەسیلە ناو دەبرێن یانی بە ئاو زۆر خۆیان و جلکیان دەشۆن، بە ئاوی چەم خویان گرتووە، مەندا،کە لە ئاساری صابیان بە مادا ئامادا دەخوێندرێتەوە،لە واژەی ماد، مادی گیراوە.لە تاریخی یۆنانی کۆندا مەدی بوتە ناوی ماد یا ولاتی ماد تا رۆژگاری ئیسکندر و جێ نیشینانی ئەو لە مێژوو جوغرافیادا لە باتی ناوی ئێرانی دەورەی ساسانی و ئیسلام،ماد یا ولاتی ماد بە کاربراوە، دیارە ئەوەنیشانەی پەرە دار بونی ماد یا ولاتی ماد - ە - ئەبێ بڵێن: سنوری غەربی ناوی جوغرافیای ماد تا سنوری غەربی ئێران لە رۆژگاری ماد وەهەخامنشی و سلوکی و ئەشکانی راکشاوە، بەپێی ریوایەتی خودی سابیان کاتێ سابیان لە راست جولە کە،کە لە لایەن هێزی زاڵی یۆنانی و رۆمی لە خۆر هەلاتی دەریای مەدیترانە و سەنعاوە بۆلای باکوری سوریە کۆچیان کردوە و هاتونە تە مەڵبەندی حەران لە حەوزەی فورات کە بەشێ لە ولاتی ماد یا مادای بە قسەی صابیان دەهاتە ژومارە، نیسبەتی مادایی یا ماندایی بۆ نا ساندنی باری تازەی خۆیان هەڵبژارد و بە درێژایی ۱۸۰۰ ساڵ هەمیشە ئەم ناوە تازەیان بۆ ناساندی خۆیان پاراستووە و صابیان سامی نیژاد نەبون . لە راستیدا ناوی ماندایی وەک تەقویمی ساڵ و مانگی ئەوان کە نوسخەی دووەمی تەقویمی یەزدگردی بەراست دەناسرێ،دوقەرینەی پتەو لە سەر پێوەندی پتەوی تاریخی و کۆمەلایەتی ئەوان لە گەڵ خەڵکی نیشتەجێی سەر زەوی یە کە،کە لە خولی ماد و

Dr.Saleh Ebrahimi



هەخامنشی و یونانی و ئەشکانی ماد ومادای و لە رۆژگاری ساسانیان بە ملاوە، بە ناوی ئێران شار ناو براوە، صابیان کە لە ئایەتی ٦٢ بەقەرە و ٦٩ مائدە و ١٧ حە ج لە قورئانا ناو براوە،ئیستا لە سەر چۆمی کەرخە و فورات و بە سرەن - قەومی لە یاد رەفتە،نوسراوی سەلیم برنجی چاپی ١٣٦٧ تاران،سەرە تای ئوستاد محمد محیط طباطبایی ١٣٦٥/٧/٢٨. بەلام دوکتور مانسوج پروفیسور نولدکەی ئەلمانی خانمی دراو رۆهەندێ زانای‌تر، بروایان وایە کە ماندایی سیفەتە و لە ماندابە مانای زانینێ عیرفانە و ناو بۆ ولاتی ماد یا نە تەوەی ماد نییە،بەلام تەباتە بایی دەلێ،مەندایی ناوە بۆ ماد و ولاتی ماد فەرهەنگی ئێران زەمین دەفتەری ئەوەل ج ٢ پەرەی ٢٥ (شەپۆل).

میچک — مێشک، مەزبوت، گوێج و گوێل، مێوینەی مەل، بەرخی بێ دایک کە هەمو مەرێک دەمژێ.

مەندۆک — گیایەکی ناسراوە و دەخورێ

مەباح — جایز

مەزن — گەورە، سەرهۆز - ریش سپی و گەورە.

میعراج — چونلای خوا، چونەسەرێ، چونە ئاسمان، بەرز بونەوە، سەرکەوتن، ئامرازی چونەبان

موسا — پێغەمبەری موسایی حەزرەتی موسای کوری عیمران

موعتلەزیلە — دەستەیێ لە ئەهلی سونەت و جەماعەت بون، کە لە رۆژگاری بەنی ئومیەدا سەریان هەلداو بنچینە دانەری ئەو دەستە واصل بن عەتایە، کەفەقێی حەسەن بەصری بوە و لە ١١٠ مانگی مردوە. لە رێگای فەلسەفەوە تەوحید بۆ خوا، نەفی جیسمیەت لەخوا و عەدل بۆ خواو ... دەسەلماندو ئوصولی ئەقیدەیان ئەم پنیجانە بوە ١. مەنزلی بین‌المنزلین ٢. توحید ٣. عدل ۴. وعدو وعید ۵. ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| مێرگ | چەمەنی گیادورین |
| مێژین | کۆن، قەدیمی، کونە و کەو نارا ـ |
| ماف | حەق |
| ماشەر | کەڵافەبەن |
| ماک | ئەسڵ - ماکە: دایکە |
| مەتەرێز | سەنگەر |
| مێ | ئاژەڵی مێوە، بەرانبەری نێر، نێرە و مێوە، نێرومێ |
| مالم | رابەری دینی جولەکە ـ |
| مراز | مراد |
| مانگیلە | هیلال |
| مخابن | حەیف |
| محانجێن | ملەمەڵمانی، بەحس کردن |
| مەکۆ | جێگەی کۆبونەوە ـ |
| موغەرە | بڕبڕە، بڕبڕەی پشت |
| موچە | زەوی بۆکێڵان، مانگانە بۆکارمەند |
| سهرەوەرد | دووازەیە ۱ سهر واتا سور ۲ وەرد واتا بەرد، لێرەدا (ب) گۆردرا وەتەوەبە (و) |
| مەزرا | زەوی وزار، موچە و چەمەنزار |
| مەیلە | مەیرە، پەنیری لورکێ نەگیراو |
| مێرخاس | ئازالە شەڕا |
| مامزە | ئاسنی پاژنەی سوار |
| ملە | بەربەرەکانێ |
| ملهور | کە لەزەڕ، ملقەوی |
| مۆرە | چینە قوری دیوار، گلمەتە قوری کزرەوە بو، |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| مۆڵگە | جێگای مۆڵدانی گاران لە نیوە ڕۆیاندا، جێگەی مۆڵ . |

## نون

| | |
|---|---|
| ناپوخت | پیس و پۆخڵ، کاربلاو |
| نسییێ و نەزار | سێبەر، جێگەیەك، لە بەرزی شاخ و کێوداکە بەر سێبەرەو کەمتر تاوی لێدەدا |
| نهی | منع، گێرانەوە، دست بە سینگەوەنان |
| نەزان | نەفام، بێزانست، بێفەرهەنگ، نەخوێندەوار . |
| ناڤ | ناو، ناوەوە، داخڵ |
| نۆك | جۆرە دانە وێڵەیەکە |
| نێری | بزنی نێر، نێری و بەران، بزنی نێرو مەری نێرە |
| نقیشك | کەرە، ڕۆنی کەرە |
| نێڤەك | ناوەراستی پاتول، یا دەرپیێ، نیڤەکەدەرپێ |
| نزار | بەشی باکور و یالی کێو |
| نۆبەدار | نیگەهبان |
| نێچر | راو، شکار، نەچیر، نەخچیر، نێچر و نەچیرەوان |
| وەندا | گوم، نادیار، غایب |
| نیگار | مەعشوقە، دەم و چاو، سەرو سورەت |
| نابێ | ناشێ |
| نهێنی | نادیار |
| ناخ | بن، قوڵایی، ناخی دەرون، قوڵایی دڵ و هەناو، |
| نەعاملاو | نەپەروەراو . |
| نهۆم | باڵ خانە، قاتی خانو |
| نیسکە | سەرهەڵ تەکاندنی ئەسب |

Dr.Saleh Ebrahimi

## ۵۱ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| نیڵدان | جۆشاندنی ئاگر |
| نسار | قەدپاڵی کێو، خۆری کەم لێ بکەوێ، نسرم، بێخۆرەتاو |
| نامیلکە | نامەی بچکوڵە |
| نەسمراو | کون نەکراو، نەسوراو |
| نزار | لەر، کز |
| نای بزرکێنێ | لێی هەڵە نابێ، پتە پت ناکات |
| ناوە ڕۆک | ناواخن، موحتەوا |
| نەبان | نامۆ، خونەگر، خۆ بۆیر |
| نەهێزرێن | دانەسەپێن، دانە هێزرێن، پان نەبنەوە |
| نقێم | مورووی بەرمورورووی نێوملوینکە، پێروزە و یاقوتی نێو ئەنگوستیلە |
| نەدەڵێنێ | نەی داتەوە، ئاونەدا |
| ناکاڵیتەوە | لێە هاتن، پێوەی نایێ |
| نەهاتی | نەدامەت، بۆنەهات |
| نامۆ | غەوارە، بیانی، بێگانە، خونەگر |
| نانبدە | دڵ ئاوا، دڵ گوشاد |
| نیاز | رجا، نیازم پێتە کارم پیتە |
| نزا | دوعای چاك و باش |
| نمرود | نمرود: شارێکە لە باشور و وێرانە کەی لە ۴ کیلومیتری سەلامیەی عیراقە و شەلمنەصر سازی داوە. ناز ناوی پاتشای کەلدە (بابل)ە ناوی نینوس، کەشاری بابل ئەوسازی داوە و لە گەڵ حەزرەتی ئیبراهیم دژ بـوە، عـەبدوڵلا کـوری عومەر رای گەیاندوە، کە رەئیسی هەیئَت موحاکەمە کارانی ئیبراهیم، کورد و ناوی هویون بووە، لە بن ئایەی و حرقوەو انصروا، الهتیکم (سورەی ئـەنبیا ئایەتی ٦٨) و کتێبی زانایانی کورد ج ۲، پەرەی ۲۲۱ ج ۴ و ۵ نـوسراوی (شەپۆل) تەفسیری صاوی، کەشاف، بەیزاوی. ئایەتی ١٦ سورەی فەتحیش لە |